# ئەو بەیانییەی خۆر ماچی کردم

کە بە خەبەر هاتم
خۆر ماچی گەردنی دەکردم

بە دەستی هێندەی تر
قژی پەرێشان کردم

ڕۆژێکی چەند خۆشە، دڵم وتی

بینابیم کەوتە سەر ئەو وشانەی
دوێ شەو نەنوسران
بە نازەوە
لەسەر سنگم ڕاوەستاون

لە من وایە لەبەر نازداری سنگم بو
تا دوایی بینیم سەرتاپای جێگاکەم
هەست و وشە و کۆپلەیە
ئەم شەو لەگەڵم خەوتون
لە دەوروبەری لاشەی پڕ حەسرەتم
بە چاوەڕوانی دانیشتون

هێندەی پێ نەچوو
خۆر لە ناکاو
دەمی خستە ناو دەمم و
بڕێکی چاک لێوی مژیم

خۆر!
یەقین بوو لە بەخەبەر هاتنم

هاوکات منیش گەشتم لەوەی
دوای ئەو ماچە، خەوتنەوەم مەحاڵە ئیدی

دواتر هەستام،
نوسیم:
خۆر ماچی کردم.

فریشتە کەوە
**Lund, 27.02.2005**
**frishta-kewe@hotmail.com**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com